حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٦١) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و حوکمەکانی ماددەی (٧) لە یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣) لە ٢٠١٦/٢/٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. بەردەوامبوونی پڕۆژەی ئێستای تایبەت بە وردبینی و پێداچوونەوەی قۆناغەکانی نەوت و گاز و داهات و خەرجییەکان لەژێر ناونیشانی (Master Service Agreement) کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٥ ئیمزاکراوە، لە دوای چاوخشاندنەوە بە گرێبەستی خزمەتگوزاریی وردبینیی کۆمپانیای (دیلۆیت)، لە ڕووی نرخ و تێچووی خزمەتگوزارییەکە و خستنەڕووی ڕاپۆرتی مانگانە لە بری چارەکە ساڵ سەبارەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتن و خەرجیی و داهاتی نەوت و گاز بۆ ڕای گشتی و فراوانکردنی چالاکییەکانیان و دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکان لە ڕووی زانیاری و ژمارەوە. هەروەها جەختیش لەسەر ڕاهێنانی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم کرایەوە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان و هەروەها هەماهەنگییان بۆ نوێکردنەوەی یاسا و ڕێنمایی و پێوەرەکانی دارایی و وردبینیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە نوێ و هاوچەرخەکانی ئەم بوارە.

٢. ڕاسپاردنی نووسینگەی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەریان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە هاتووە و ئەنجامەکەی بخرێتەوە بەردەست بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاری کۆتایی.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**